
**بۆکان لە مێژوودا (٤١٠)** **ئەنوەر سوڵتانی**

## مێژووی وێژەی کوردی مامۆستا سدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)




بۆرەکەیی، سدیق (صفی زادە)؛ "مێژووی وێژەی کوردی"، انتشارات ناجی، بانە کردستان ١٣٧٠ [١٩٩١]، بەرگی یەکەم ٥٦٠ لاپەڕە، بەرگی دووهەم ٧٤١ لاپەڕە، کوردی

گرنگایەتی ئەم کتێبە لە مێژووی ئەدەبی بۆکاندا واهەیە ئەوە بێت کە تێیدا بایەخی زۆر دراوە بە ئەدەب و شیعری یارسانی کە سنووری دەسەڵات و نفووزیان لە لای ڕۆژهەڵاتەوە تا بن گوێی بۆکان واتە ناوچەی تیکانتەپەی هەوشار و سایینقەڵا هاتووە. لە ڕاستیدا کاری بەنرخی مامۆستا بۆرەکەییش پاراستن و ڕاگواستنی شیعری شاعیرانی گۆرانییە لە باڵووڵی ماهی (٢١٩ ی کۆچی و ٨٤٠ ی زایینی) یەوە تا شاعیرانی سەدەی بیستەم.

کتێبەکە وەک ئەنسیکلۆپێدیایەکە بۆ شاعیرانی یارسان بەڵام لەگەڵ ئەواندا نووسەر ئاوڕی لە شاعیرانی دیکەش داوەتەوە و هەربۆیەش ناوی کتێبەکەی ناوە مێژووی وێژەی کوردی.

ئەو شاعیرانەی وا ناوچەی هەوشار دەگرنەوە بریتین لە:

**<u>بەرگی یەکەم</u>**

١.  **سەی حەمە سادقی سەفاخانەیی** خەڵکی گوندی سەفاخانەی هەوشار (١٢١٢- ١٢٨٠)، (لل. ٤٩٩ تا ٥٠٣)؛

٢.  **مەلا ئەحمەدی عارف** (١٢٠٦ – ١٢٦٣) خەڵکی یەک لە گوندەکانی تیکانتەپەی هەوشار(تیکاب) بووە. (لل. ٥٠٣ تا ٥٠٥)؛

٣.  لە بەشی گوڵزاری هۆنەرانی کورد بەرگی یەکەمیشدا (لل ٥٥٣ تا٥٦٠) ناو و ڕێکەوتەکانی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە هۆنەرانی کوردی نووسیون کە بەشێکیان ناوچەی ئێمەش دەگرنەوە. بە داخەوە حیسابی ساڵەکان هەندێک شێواون و نازانرێت لە کوێ وەرگیراون و چۆن حیساب کراون. وێدەچێت نووسەر هەوڵی دابێت هەموو ساڵەکان بکات بە ساڵی کۆچی مانگی، دەنا ساڵانی ١٣٥٧ و ١٣٩٥ بۆ لە دایکبوون و کۆچی دوایی سوارەی ئێلخانی زادە چۆن دانراوە؟

ئەحمەدی کۆری موکریانی (١١٨٣ – ١٢٧٨)؛ سوارەی ئێلخانی زادە (١٣٥٧ – ١٣٩٥)؛ سەی ئەحمەدی خانەقا (١٢٩٠ – ١٣٧٢)؛ سەی موحەممەدی خانەگایی (١٢٤٦ – ١٣٢٨)؛ شێخ بابای غەوسابادی (١٢٦٨ – ١٣٣٦)؛ عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب (١٢٨٢ – ١٣٣٢)؛ مەلا حەسەنی ئیبنولقزڵجی ( ١٢٦٣ – ١٣٢٨)؛ مەلا عسامی شەفیعی (١٣٠٠ – ١٣٧٤)؛ مەلا مارفی کۆکەیی (١٢٥٦ – ١٣٦٦)؛ میرزا حەسەنی سەیفولقوزات (١٢٩٧ – ١٣٦٤)؛ میرزا موحەممەدی هەوشاری (١٢٤٦ – ١٣٠٤)؛ بەشیربەگی تورجانی؛ خڕناڵ؛ عەلی بەگی تورجانی؛ قاسمی هەوشاری و چەند کەسی دیکە کە ناسناوی بۆرەکەییان هەیە و دەبێ خەڵکی هەوشار بن. دیارە دەبێ ناوی نووسەری کتێبەکە واتە مامۆستا سدیق خۆیشی لەو لیستەیە زیاد بکرێت.

<u>**بەرگی دووهەم**</u>

١.  **ئەحمەدی کۆری موکریانی**(١١٩٣ – ١٢٧٨)، لل. ٥٩ تا ٦٩؛

٢.  **مەلا فەرەجی بۆرەکەیی** (١٢٤٤ – ١٣٤٣)، لل. ١٣٩ تا ١٤٢؛

٣.  **میرزا موحەممەدی هەوشاری** (١٢٤٦ – ١٣٠٤)، لل. ١٤٧ تا ١٥٠؛

٤.  **بابەجانی بۆرەکەیی** (١٢٥٦ – ١٣٣٧)، لل. ١٦٦ تا ١٧٢؛

٥.  **مەلا مارفی کۆکەیی** (١٢٥٦ – ١٣٦٦)، لل. ١٧٢ تا ١٧٨؛

٦.  **عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب** (١٢٨٢ – ١٣٣٢)، لل. ٢٤٧ تا ٢٥٤؛

٧.  **میرزا حەسەنی سەیفولقوزات** (١٢٩٧ – ١٣٦٤)، لل. ٢٨١ تا ٢٩١؛

٨.  **فەقێ عەبدولی بۆرەکەیی** (١٣٤٣ – ١٣٧١)، لل. ٣٦٦ تا ٣٧٠؛

٩.  **مەلا بۆرەکەیی** (١٣٤٦ – ١٣٩٥)، لل. ٣٧٠ تا ٣٧٤؛

٩.  **سوارەی ئێلخانی زادە** (١٣٥٧ – ١٣٩٥)، لل. ٣٨٠ تا ٣٨٤.